# هاوەڵی پێغەمبەری خودا بووم (لە هەندێک لە سەفەرەکانیدا) لە دوو ڕکات زیاتری ئەنجام نەدەدا لە سەفەردا، وئەبوبەکر وعومەر وعوسمانیش بەهەمان شێوە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێـت: «هاوەڵی پێغەمبەری خودا بووم (لە هەندێک لە سەفەرەکانیدا) لە دوو ڕکات زیاتری ئەنجام نەدەدا لە سەفەردا، وئەبوبەکر وعومەر وعوسمانیش بەهەمان شێوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عبداللەی کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات هاوەڵی پێغەمبەری خودا وئەبوبەکر وعومەر وعوسمان بوو (لە هەندێک لە سەفەرەکانیاندا)، هەریەکێکیان زیاتر لە دوو ڕکاتیان ئەنجام نەدەدا لە سەفەردا، واتە هەریەکێکیان نوێژی چوار ڕکاتی پوخت دەکردەوە بۆ دوو ڕکات ولەوە زیاتری ئەنجام نەدەدا، وهەروەها نوێژە سونەتەکانیشیان ئەنجام نەدەدا، وباسکردنی ئەبوبەکر وعومەر وعوسمان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم حوکمە هەڵنەوەشێندراوەتەوە (نەسخ نەبووەتەوە) وجێگیر کراوە تەنانەت لە پاش کۆچی دوایی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهیچ بەڵگەیەک نییە کە پێچەوانەی بێت و بەهەند وەربگیرێت. دروستە هەموو ڕکاتەکانی نوێژی فەرز وەکو خۆی ئەنجامبدرێت بەڵام کورتکردنەوەی نوێژەکان (قەسر کردن) باشترە؛ چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {فلَيْسَ عَليكُمْ جُنَاحٌ أن تَقصُرُوا مِنَ الصَّلاَةِ} [النساء: 101] واتە: {هیچ گوناهێکتان لەسەر نیە (دروستە بۆتان) کە نوێژەکان کورت بکەنەوە}، تووش نەبوون بە گوناهـ لێرەدا واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمە ڕوخسەتە، وفەرز نییە چونکە بنچینە ئەوەیە نوێژەکە بە تەواوەتی ئەنجامبدرێت، کورتکردنەوەی نوێژ (قەسر کردن) بۆ پوختکردنەوەی نوێژێکی لە خۆی درێژترە. وباشترە بۆ ئەو کەسەی سەفەر دەکات؛ واز لە قەسر کردنی نوێژ نەهێنێت ئەمیش وەکو شوێنکەوتنێک بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وچونکە خوای گەورە پێی خۆشە کە ڕوخسەتەکانی جێبەجێ بکرێت، ودەرچوونە لەو ناکۆکیەی لە نێوان زانایان هەیە وزۆرینەی زانایان کورتکردنەوەیان (قەسر کردنەوەیان) پێ باشترە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5207

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee